گۆرانکارییەک لە چامپیۆنز لیگ روویدا و کاتی یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە سێ کاتژمێر پێشخرا

گۆرانکارییەک لە چامپیۆنز لیگ روویدا و کاتی یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە سێ کاتژمێر پێشخرا.

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا لە بڵاوکراوەیەکی فەرمیدا رایگەیاند، گۆرانکاریان لە کاتی بەرێوەچوونی یاری کۆتایی چامپیۆنز لیگدا کردووە، بڕیاریانداوە سێ کاتژمێر بیهێننە پێشەوە.

بە پێشخستنی سێ کاتژمێر لە کاتی یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، وادەکات یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە لە 10ی شەوەوە بگەرێتە بۆ حەوتی ئێوارە، بە کاتی هەرێمی کوردستان.

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا روونیکردووەتەوە، ئەم هەمووارکردنەوەیە لە یاری کۆتایی ئەم وەرزەی چامپیۆنز لیگ دەستپێدەکات، کە بڕیارە ڕۆژی شەممە 30ی ئایاری 2026 لە یاریگای پوشکاش ئەرینا، لە وڵاتی هەنگاریا بەڕێوەبچێت.

دوپاتیکردووەتەوە، گۆرانکارییەکە بەهۆی زیادکردنی ژمارەی بینەر و گونجاندنی کاتی یارییەکەیە بۆ

هەموو وڵاتانی جیهان، تا گەورە و بچوک بتوانن چێژ لە سەیرکردنی وەربگرن.